# بایەخی شوێنی ستراتیژی و سەربازی زنجیرە چیای شەنگال "لێکۆڵینەوەیەکی پڕاکتیکییە لە جوگرافیای سەربازی"

# أهمية موقع الاستراتيجي و العسكري لسلسلة جبال سنجار "دراسة تطبيقية في الجغرافيا العسكرية"

# The importance of the strategic and military location of the Sinjar mountain range "An Applied Study in Military Geography"

ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ [١] ، سەفین جەلال فتح الله [٢]،
[١،٢] بەشی جوگرافیا،کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، هەرێمی کوردوستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: rebeen.rostam@gmail.com

پوختە

چیاکان لە بنەڕەدا توخمێکی سروشتی و یەکەیەکی تۆپۆگرافین، بەڵام هەر لە دێر زەمانەوە وەك هۆکارێکی کاریگەری پرۆسە سەربازی و ستراتیژییەکان سەیر کراون و گرنگیان پێدراوە، لە هەندێك شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافی زنجیرە چیایەك ڕۆڵێکی ستراتیژی سەربازی گرنگ بە وڵاتان و هێزە چەکدارییەکان دەبەخشێت.

لەم توێژینەوەیە چەخت لەسەر بایەخی شوێنی ستراتیژ و سەربازی زنجیرە چیای شەنگال کراوەتەوە، کە کاریگەرییەکان لەکۆن هەبوون و لەئێستاش بەردەوامن و ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن لە ئایندەدا فراوانتر دەبن، چونکە ئەگەر لە ڕابردوو ستراتیژیەتی سەربازی زنجیرە چیاکە لەسەر ئاستی ناوخۆی بۆ خەڵکی ناوچەکە و حکومەتی هەرێم و عێراق گرنگ بووبێت، ئەوا لە ئێستادا ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی هەرێمی و تەنانەت نێودەوڵەتیش بووە بە خاوەن ستراتیژیەتێکی سەربازی، ئابوری و سیاسی گرنگ.

بەمەبەستی دەرخستنی ئەو ستراتیژییە سەربازییە ناوخۆیی و دەرەکیەی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەیەتی و کە ئامانجی توێژینەوەکەمانە، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ پێشەکیەك و سێ تەوەری سەرەکی، لەئەنجامدا بەرەئەنجامی ستراتیژی سەربازی زنجیرە چیاکە نیشان دراوە، پشت بەست بەم دەرئەنجامەش دوو پێشنیاری کورت مەودا و درێژمەودا خراوەتەڕوو.

**وشە کلیلیەکان:** ستراتیژ، شەنگال، زنجیرە چیا، سەربازی.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10530 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٣/٢٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٤/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٣/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | rebeen.rostam@gmail.com |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٤ م. ی. ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ ، پ. د. سەفین جەلال فتح الله،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## ملخص

تعتبر الجبال عنصرًا طبيعيًا طوبوغرافياً، ولكن لطالما اعتبرت عاملاً مؤثرًا في العمليات العسكرية والاستراتيجية. عادة ما يمنح الموقع و المكان الجغرافي لسلسلة جبال للدول والقوات المسلحة دورًا استراتيجيًا عسكريًا مهمًا.

تؤكد هذه الدراسة على أهمية الموقع العسكري و الاستراتيجي لسلسلة جبال سنجار ، والذي كان له آثار في الماضي حتى يومنا هذا ، وتشير الدلائل إلى أنها ستتوسع هذه الآثر في المستقبل، لأنه إذا كانت الاستراتيجية العسكرية لسلسلة الجبال سنجار في الماضي مهمة لشعوب المنطقة وحكومة إقليم كردستان والعراق ، فقد أصبحت منطقة الدراسة الآن استراتيجية عسكرية واقتصادية وسياسية مهمة على المستوى الإقليمي وحتى الدولي.

ولإظهار الأهمية الإستراتيجية العسكرية الداخلية والخارجية لمنطقة الدراسة والتي هي هدف بحثنا، تنقسم هذه الدراسة إلى مقدمة وثلاثة محاور رئيسية ، ونتيجة لذلك تم عرض النتائج الاستراتيجية العسكرية لسلسلة الجبال ، وبناءً على هذه النتائج تم عرض توصيتين على المدى القريب و البعيد.


**الكلمات المفتاحية:** استراتيجية ، سنجار ، سلسلة جبال ، عسكرية.


## Summary

Mountains are essentially a natural element of a topographical unit, but have long been considered an influential factor in the military and strategic processes. Sometimes the geographical location of a mountain range gives countries and armed forces a vital military strategy role.

This study will concentrate on the importance of the strategic and military location of the Shangal mountain range. The effects have been there in the past and persist today, and signs suggest that they will expand in the future because If in the past the military strategy of this mountain range has been important for the people of the region, the Kurdistan Regional Government and the Iraqi Government, at the moment, the study area has an important strategic military, economic and political at the regional and even the international levels.

To show the internal and external military strategy of the study area, which is the purpose of the research, The study is divided into an introduction and three main topics. As a result, the military strategies results of the mountain range are presented. Based on these results, two short-term and long-term recommendations are presented.


**Keywords:** Strategy, Shangal, Mountain Range, Military.

## پێشەکی

زنجیرە چیای شەنگال هەر لە دێر زەمانەوە بە ناوچەیەکی پیرۆز دادەنرێت، بەڵام گۆڕین و نیشاندانی وەك شوێنێکی ستراتیژی سەربازی گرنگ، لەو خوێندنەوە و گێڕانەوەی ساڵی ١٩٤٥ی سی جەی ئێدمۆندز (C.J Edmonds)ی بەریتانی دێت کە دواتر لە ساڵی ١٩٦٧ بەناونیشانی حەجێک بۆ لالش (A Pilgrimage to Lalish) بڵاوکرایەوە، ئێدمۆنز لە کاتی سەرکەوتنی بەسەر زنجیرە چیای شەنگالدا و گەیشتن بە بەرزترین لوتکە، " ئیدیعای ئەوەی کرد کە لەو بەرزاییەوە دەتوانێت هەموو رێگایەک تا ماردین لە تورکیا ببینێت"(Frantzman, ٢٠١٦). هەروەها ڕژێمی پێشووی عێراق ساڵی ١٩٩١ وەك بنکەیەکی هەڵدانی موشەکی دژی ئیسرائیل بەکارهێنا، ئەمە لەکاتێکدایە لە ئێستادا وڵاتانی هەرێمی بەتایبەتی ئێران و تورکیا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەتایبەتی ئێران لەڕێگەی گروپ و میلیشیا شیعییەکان هەوڵی گەیشتن بەناوچەکە و کۆنترۆڵکردنی دەدەن، چونکە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێکە لەو پرۆژە ئێرانەی کە بەهیلالی شیعی ناسراوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوە: هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەگەڕێنینەوە:

١- ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی ستراتیژییەکی سەربازی گرنگە.

٢- زنجیرە چیای شەنگال خاوەنی تۆپۆگرافیایەکی بەرز و جیاوازە بەبەراورد بە دەوروبەرەکەی نەك لەسنوری هەرێمی کوردستان و عێراق بەڵکو لەسوریا و تورکیاشدا، ئەم تۆپۆگرافیایە چەندین جار ئەوکەمینە ئاینیەی ناوچەکە کەبە ئێزیدی ناسراون لە لەناوچوون پاراستووە.

گرنگی لێکۆڵینەوە: گرنگی لێکۆڵینەوەکەمان لەوەدا دەردەکەوێت، کە شیکردنەوە بۆ بایەخی شوێنی ستراتیژ و سەربازی زنجیرە چیایەك دەکات، کە لە ڕابردوو ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە سەرکەوتنی ئەو هێزانەی کۆنترۆڵی زنجیرە چیاکەیان کردووە لەشەڕەکاندا، هەروەها لەئێستا و داهاتووشدا ستراتیژی ناوچەکە زیاد دەکات، ئەمەش لەڕێگەی چەندین داتا و نەخشە و وێنەی ئاسمانی تایبەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە خراوەتە ڕوو.

### کێشەی لێکۆڵینەوە: کێشەی لێکۆڵینەوە لە دووخاڵدا خۆی دەبینێتەوە:

١- هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی زنجیرە چیای شەنگال کە کەوتۆتە نزیك سنوری سوریا و تورکیا و عێراق، هەروەها جیاوازی تۆپۆگرافییەکە کە خاوەنی بەرزییەکی زۆرە بە بەراورد بە زەوییەکانی دەوروبەری لە سنوری هەرێمی کوردستان و عێراق و سوریا و تەنانەت تورکیاش دا، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ستراتیژی سەربازی بەتایبەتی ستراتیژی بینین و چاودێری فراون بێت، هەروەها ئاڵۆزی تۆپۆگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە چەندین جار ئێزیدییەکانی لە لەناوچوون پاراستووە.

٢- ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێك لە سنوری خۆرئاوای هەرێمی کوردستان پێك دەهێنێت، هەورەها ڕێگای بازرگانی ٤٧ کە پارێزگای نەینەوا لەڕێگەی دەروازەی ڕەبیعەوە بە پارێزگای حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان دەبەستێتەوە، هەمان ڕێگا بەشێکە لە ڕێگای بەستنەوەی تاران بە دەریای ناوەڕاست و لوبنان، پرۆژەی پێشنیارکراوی ڕێگای ئاوریشم. هەموو ئەمانە وایکردووە کە وڵاتانی هەرێمی و گروپەکانی نزیك لەخۆیان، هەوڵی زاڵبوون و زیادبوونی نفوسی خۆیان دەدەن لەم ناوچەیە.

گریمانەی لێکۆڵینەوە: بۆ وەڵامی پێشوەختەی کێشەی لێکۆڵینەوەکەمان ئەم گریمانانەی خوارەوە دەخینەڕوو:

١- بوونی تۆپۆگرافیایەکی جیاواز و ئاڵۆز بەبەراورد بەدەوروبەرەکەی، هۆکاری زیادبوونی بایەخی ستراتیژی سەربازی ناوچەی لێکۆڵینەوە بووە.

٢- نزیکی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسنوری نێودەوڵەتی سوریا و تورکیا و سنوری هەرێمی لەگەڵ عێراقدا، هەروەها بوونی چەندین لوتکەی بەرز کە دەڕوانێت بەسەر ئەم سنورانە ستراتیژی ناوچەکەی لەڕووی سەربازییەوە زیاتر کردووە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: گرنگترین ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە لەچەند خاڵێکدا باس دەکەین:

١- هەڵسەنگاندنی بنەمای تۆپۆگرافیای زنجیرە چیای شەنگال لەڕوانگەی پرۆسە سەربازییەکانەوە، هەروەها دەست نیشانکردنی گونجاوترین شوێن بۆ دامەزراندنی نوکتە و بنکە سەربازییەکان

٢- دیاریكردنی خاڵی بەهێز ستراتیژی ناوچەكە بۆ هەرێمی كوردستان و وڵاتانی هەرێمی و گروپ و پارتە چەكدارییەكان.

**ڕێبازی لێكۆڵینەوە:** بۆ گەیشتن بە ئامانجی لێكۆڵینەوەكە پشت بە ڕێبازی هێز و وەسفی دەبەستین، ڕێگای شیكاری بەكار دەهێنین، پشت بەست بە چەندین پرۆگرام و نەخشە و خشتەی ئاماری.

**پلانی لێكۆڵینەوە:** لەپێناو گەیشتن بە ڕاست و دروستی گریمانەكانی لێكۆڵینەوەكە و بەدەستهێنانی ئامانجەكان، لێكۆڵینەوەكە دابەشكردووە بۆ سێ خاڵی سەرەكی: لە خاڵی یەكەمدا ناساندنمان بۆ چەمك و زاراوەكان و ناوچەی لێكۆڵینەوە كردووە، خاڵی دووەم تایبەتكراوە بۆ تۆپۆگرافیای ناوچەی لێكۆڵینەوە و پەیوەندی تۆپۆگرافیا بە پرۆسە سەربازییەكانەوە، لە خاڵی سێیەمیشدا ستراتیژی سەربازی چیای شەنگال خراوەتە ڕوو، لەكۆتایشدا ئاماژە بە ئەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەكان كراوە.

١- ناساندنی چەمك و زاراوەكان و ناوچەی لێكۆڵینەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو چەمك و زاراوانەی تایبەتە بە باسەكەمان و ناوچەی لێكۆڵینەوە بناسێنین.

## ١-١- ناساندنی چەمك و زاروەكان:

چەمكەكانی تایبەت بە جوگرافیای سەربازی و ستراتیژی جەنگ و زانستی سەربازی زۆرن، بەڵام گرنگترینیان بریتین لە:

### ١-١-١- زانستی سەربازی (Military Science):

جی كورت پیهلەر (G. Kurt Piehler) لە ئینسكلۆپیدیای زانستی سەربازیدا، پێناسەی زانستی سەربازی دەكات و دەڵێت: زانستی سەربازی لێكۆڵینەوە لە پرۆسەی سەربازی (بڕیاردان) و دامەزراوەكان (یەكەكان و سوپاو ڕێكخراوەكانی مەشق و ڕاهێنان) و ڕەفتار (لەلایەن تاكەكان و یەكەكان لە جەنگ و ئاشتیدا) دەكات، هەروەها لەشەڕ و جەنگ و تیۆری و بەكارهێنانی هێزی زۆرەملێی ڕێكخراو دەكۆڵێتەوە. یان زانستی سەربازی  بە كۆمەڵە پرۆگرامێكی ناسراو پەیوەست بە بیردۆزەكان دەناسێنێت ، جێبەجێكردن  و بەكارهێنانی یەكەی سەربازی و چەك لە شەڕی زەمینی (هەر بەڕێوەبردنێكی جەنگ لەسەر خاك) و ململانێی چەكداری كە ئەم بوارانە دەگرێتەوە: سەركردایەتی سەربازی، ڕێكخراوی سەربازی، پەروەردە و ڕاهێنانی سەربازی، مێژووی سەربازی، ڕەوشتی سەربازی، بروا یان ڕێبازی سەربازی Military Doctrine، تاكتیكی سەربازی، ئۆپراسیۆنەكان، ستراتیجی سەربازی، جوگرافیای سەربازی، تەكنەلۆجیا و كەلوپەلی سەربازی (Piehler, ٢٠١٣. p٨٨٠-٨٨١). یان زانستی سەربازی بەشێوەیەكی تیۆری و پراكتیكی ئامادەكاری دەكات و  هەڵدەستێت بە  ئەنجامدانی هەردوو ئۆپەراسیۆنی چەكداری و نا چەكداری لە كاتی ئاشتی و قەیران و شەڕدا، لەلایەن هێزە چەكدارەكانەوە ئەنجام دەدرێت. هەروەها زانستە سەربازییەكان بەستراوەتەوە بە بارودۆخێكی دیاریكراوی شەڕ یان ململانێی سەربازی، ئەو ڕۆڵانەی كە لەم جۆرە دۆخانەدا دراوە بە یەكەی سەربازی، ڕێك و پێكی ڕابەریكردن، ئامادەكردن، ڕاهێنراوو بەرزی ڕەوشتی سەربازین. كەواتە زانستی سەربازی بە هەموو ئەو چالاكییانە پێناسە دەكرێت كە لەلایەن هێزە چەكدارەكانەوە بەڕێوەدەبرێت. (Kościuszko, et al., 2017. p66).

لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین زانستی سەربازی بریتییە لە لێكۆڵینەوە لە پرەنسیپ و ڕێساكانی بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و بڕیاردان لە پرۆسە سەربازییەكان و دامەزراوەكانی وەك (یەكەكان و سوپاو ڕێكخراوەكانی مەشق و ڕاهێنان) و ڕەفتاری تاكەكان و یەكەكان لە جەنگ و ئاشتیدا، هەروەها لەشەڕ و جەنگ و تیۆری و بەكارهێنانی هێزی زۆرەملێی ڕێكخراو دەكۆڵێتەوە و هەوڵدەدات هێزە چەكدارەكان و وڵات ئامادەبكات بۆ جەنگ، بە ئامانجی باشتركردنی ستراتیژی و تاكتیك و چەك لە داهاتوودا، بۆ پاراستنی سنورەكان و ناوخۆی وڵات لە پەلامار و هێرشە دەرەكیەكان.

**١-١-٢- جوگرافیای سەربازی (Military geography): ودوارد (Woodward)** دەڵێت: جوگرافیای سەربازی بە شێوەیەكی سەرەكی ئەو پەیوەندی و ڕۆڵە گرنگە ڕووندەكاتەوە، كە هۆكارە شوێنی و جوگرافییەكان لە جەنگ و ململانێی چەكدارییەكان دەیگێڕن. هەروەها بەرزكردنەوەی هونەری جەنگە، بۆئەوەی بتوانێت سەركردایەتی سوپا بكات بەپشتبەستن بەبنچینەكانی جوگرافیا، لەهەمانكاتدا پەیوەندی جوگرافیا بە جەنگ لەسەر بنەمای دانایی بۆ بەدەستهێنانی سەركەوتی سەربازی و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری دەخاتەڕوو


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

(Woodward, 2005, p6). بەڵام فەرهەنگی سەربازی و چەمکە هاوبەشەکان کە ساڵانە لەلایەن وەزارەتی بەرگری ئەمریکاوە (DoD) بڵاودەکرێتەوە، دەربارەی جوگرافیای سەربازی دەڵێت: بوارێکە پەیوەستە بەزانستی جوگرافیا و مامەڵە لەگەڵ تایبەتمەندییە سروشتی و مرۆییەکان دەکات، کاریگەریان لەسەر پلانی سەربازی و ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکان هەیە (Joint Publication 1-02, 2011. p220).

پاڵکا و فرانسیس وای بۆدەچن جوگرافیای سەربازی لە تێکهەڵکێشانی نێوان جوگرافیا و زانستە سەربازییەکان سەریهەڵدا، لەم لایەنەوە جۆرێکە لە جوگرافیای جێبەجێکراو (applied geography) و دامەزراندنی زانیاری (employing the knowledge)و مێتۆد و تەکنیک و چەمکەکانی مەشقپێکردن بۆ کاروباری سەربازی و شوێن و هەرێمەکان، هەروەها جەخت دەکەنەوە لەسەر کاریگەری بارودۆخی جوگرافیای سروشتی و مرۆیی لەسەر دەرەنجامەکانی شەڕی ئۆپراسیۆنەکان و جەنگەکان (Francis and Palka 2011. p5). بەڵام پیهلەر (Piehler) پێی وایە: جوگرافیای سەربازی لەنزیکەوە پەیوەندی بەتاکتیک و ئۆپەراسیۆن و ستراتیژی و بیروباوەڕی سەربازییەوە هەیە، ئەمیش لێکۆڵینەوەیە لە جوگرافیا لە ڕوانگەی سەربازییەوە لە ڕووی بڵاوبوونەوەی سەرباز و دامەزراندن و پشتیوانی هێزی سەربازی و یەکەو ئامێرە سەربازییەکان. هەروەها فێربوونی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ناوچەکان و بەرزی و نزمییەکان لە ڕوانگەی سروشتی و کەلتووری و سیاسی - سەربازییەوە، بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییە تایبەتەکانی کات و شوێن و دیاریکردنی باشترین شێوازی بەکارهێنانی بیروباوەڕی سەربازی و هەڵبژاردنی تاکتیکی سەربازی و نەخشەکێشانی پرۆسە سەربازییەکان و دیاری کردنی ستراتیژی سەربازی (Piehler, 2013. p884).

### ١-١-٣- ستراتیژ یان ستراتیژی (Strategic - Strategy) و تاکتیك (Tactic)ی سەربازی:

دەستەواژەی ستراتیژی (Strategy) لەبنەڕەتدا لەوشەیەکی یۆنانی (Strato)وە وەرگیراوە، بەمانای هونەری جەنەڕاڵ "art of the general" یان جەنەڕاڵی کەشتی "general ship" دەهات (SILLS, 1968. p281)، یەکێك لە پێکهاتەکانی ئەم وشەیە (Stratego)یە، هەرچەندە ئێستا ئەم چەمکانە بۆ چەندین واتای فرەلایەن و بەربڵاو بەکاردەهێنرێت، لێرەدا ئامانج لایەنە سەربازییەکەیە:

سەن تزو دەڵێت: ستراتیژی هونەری ڕێکخستنی سوپاو هەماهەنگی هێزەکان و دانانی پلانی سەربازییە لەشەڕدا. بەڵام تاکتیك هونەری دروستکردنی پلانی جەنگە. "نەخشەکێشانی هەرتاکتیکێک بۆ سەرخستنی پرۆژەکەیەتی" هەروەها ستراتیژ زیاتر لە یەک تاکتیکی تێدایە، لە کاتێکدا تاکتیک زۆربەی کات بەشێکە لە ستراتیژی فەرمانڕەوایەتی (صن تزو. ٢٠٠٧. ص٧ - ٨). کلاوزویتز پێی وایە: ستراتیژی بەکاردەهێنرێت لەشەڕدا یان بۆ مەبەستی جەنگ، بۆیە پێویستە ستراتیژەکە ئامانجێک دابنێت بۆ تەواوی لایەنی کرداری جەنگەکە کەلەگەڵ مەبەستەکەی دەگونجێت. واتا ستراتیژی پلانی جەنگ دادەڕێژێت، بەڵام تاکتیک فێربوون و بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکانە لەداگیرکردندا (Clausewitz, 2007.p74, 133). کەچی گیۆرجی Gyorgy سەبارەت بەستراتیژ دەڵێت: دابینکردن و ئامادەکردن و بەکارهێنانی چەکدار و هێزەکانە بۆ ئەوەی کۆتایی شەڕەکە بەدەستبهێنن (Gyorgy, 1943. p348). بەڵام ئیڤان ئارگوین (Ivan Arreguı´n) وای بۆدەچێت ستراتیژی پلانی ئەکتەرێکە بۆ بەکارهێنانی هێزی چەکدار بۆ گەیشتن بەئامانجی سەربازی یان سیاسی، بەڵام تاکتیکەکان ئاماژە بە هونەری شەڕکردن و بەکارهێنانی چەکە جۆراو جۆرەکانی سوپا دەکەن (Toft, 2005. p29). لیدێل هارت دەڵێت: "ستراتیژی هونەری دابەشکردن و بەکارهێنانی سەربازییە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەت" (Hart, 1967. p321). بەڵام ماو تسی تۆنگ دەڵێت: ئەرکی زانستی ستراتیژی ئەوەیە خوێندنی ئەو یاسایانەیە بۆ ئاڕاستەکردنی جەنگێک کە بە تەواوی حوکمی بارودۆخێکی جەنگەکە دەکات، بەڵام ئەرکی زانستی تاکتیکەکان یان زانستی هەڵمەت (هێرش)ەکان (the science of campaigns) ئەوەیە، کە ئەو یاسایانە بخوێنێ بۆ ئاڕاستەکردنی جەنگێک، کە حوکمی بارودۆخێکی بەشێک لە جەنگەکە دەکات (Tung, 1963. p79). هاملی HAMLEY دەڵێت: شانۆی جەنگ بواری ستراتیژییە، مەیدانی جەنگ بواری تاکتیکە (شفیق، 2008. ص51 - 52). کەچی ستراتیژ لای جۆمینی بریتییە لەهونەری ئاڕاستەکردنی جەماوەری بە شێوەیەکی گونجاو بۆ بەرەکانی جەنگ، چ بۆ داگیرکردنی وڵاتێک، یان بۆ بەرگری لە خودی خۆی (Jomini, 1854. p23-24) ، بەڵام پێی

وایە تاکتیک بە وردەکارییەوە دەست پێدەکات و بەرەو پێکهاتە و گشتگیریی پێویست دەڕوات، بۆ دروستکردن و هەڵسوڕانی سوپایەکی مەزن و مامەڵەکردن لەگەڵیدا (Jomini, 1862. p66).

پێناسەی نامیلکەی هاوبەشی بەریتانی COMBINED TRAINING 1902: تاکتیك هونەری سەرکردایەتی هێزن لە جەنگدا، بەڵام ستراتیژ هونەری پلاندانان و سەرپەرشتی هەڵمەتەکەیە، ستراتیژی ئەو ڕێگایەیە، کە سەرکردە هەوڵ دەدات دوژمنەکەی بهێنێتە ناو جەنگەوە، لە کاتێکدا تاکتیک ئەو ئامرازانەن، کە دەیەوێت دوژمن لە جەنگدا ببەزێنێت. بەڵام دەیڤد شولتز لەئینسایکلۆپیدیای بەڕێوبەرایەتی گشتی و سیاسەتی گشتی (Encyclopedia of public administration and public policy) دەڵێت ستراتیژی بریتییە لە هونەرو زانستی گەشەکردن و بەکارهێنانی هێزی سیاسی، ئابووری، دەروونی، سەربازی و پروپاگەندەیی، لە کاتی ئاشتی و جەنگدا، هەروەها ستراتیژی پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی زۆرترین پشتیوانی بۆ سیاسەتەکانی دەوڵەت (Schultz, 2004. p402-403). بەڵام جۆرج تۆماس لەئینسایکلۆپیدیای زانستی سیاسی (The Encyclopedia of Political Science) دەڵێت: ستراتیژی هونەری بەکارهێنانی هێزی سەربازییە یان هەڕەشەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان، .بەڵام تاکتیک باس لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شەڕو پێکدادانەکان دەکات(Kurian, 2011. p1621).

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بە گشتی بوارو ڕووبەری سەرەکی ستراتیژ و تاکتیك جەنگە و سەربازییە بۆ گەیشتن بە ئامانجێك کە سەرکەوتنە، بەم پێیەش "تاکتیک" بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداریدا، بەم پێودانگە مەیدانی جەنگ بواری تاکتیکە. بەڵام "ستراتیژ" بریتییە لە بەکارهێنانی کۆی ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکان بۆ ئامانجی باڵای جەنگ، کەواتە شانۆی جەنگیش بواری ستراتیژییە.

## ١-٢- ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتۆتە باشوری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا و باکوری خۆرئاوای عێراق و هەرێمی کوردستان و پارێزگای نەینەوا نەخشەی (١-١)، بەجۆرێك بەشی خۆرئاوای زنجیرە چیاکە (١٦,٢١)کم لە سنوری خۆرئاوای (هەرێمی کوردستان – سوریا) پێکدەهێنێت(١) و هاوسنوری لەگەڵ پارێزگای حەسەکەی ڕۆژئاوای کورستان. زنجیرە چیای شەنگال دابەشبووە بەسەر قەزای شەنگال و قەزای بەعاج، بەجۆرێك ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لە قەزای شەنگال (١٠٣٠,٧٦)کم٢، واتا ڕێژەی (٨٠,٩٦)٪ی ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتۆتە سنوری قەزای شەنگال، هەروەها ڕووبەری (٢٤٢,٣٩)کم٢ کە دەکاتە ڕێژەی (١٩,٠٤)٪ی کەوتۆتە باکوری قەزای بەعاج. نەخشەی (٢) و خشتەی (١-١).

**خشتەی (١ - ١) دابەشبوونی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە بەسەر قەزای شەنگال و بەعاج دا**

| شوێن | ڕووبەر/ کم$^2$ | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| دابەشبوونی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لە سنوری قەزای شەنگال | 1030.76 | 80.96 |
| دابەشبوونی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە لە سنوری قەزای بەعاج | 242.39 | 19.04 |
| کۆی گشتی ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە | 1273.15 | 100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بەبەکارهێنانی ArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بەBase Map نەخشەی (2).

ڕووبەری زنجیرە چیای شەنگال (١٢٧٣)کم٢ کە دەکاتە ڕێژەی (٣٥,٥٦٪)ی کۆی گشتی ڕووبەری قەزای شەنگال، هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێژەی (١٤٠,٤٤٪)ی ڕووبەری ئەو بەشەی قەزای بەعاج پێکدەهێنێت کە کەوتۆتە سنوری هەرێمی کوردستان و باشوری خۆرئاوای زنجیرە چیای شەنگال، ئەمە لەکاتێکدایە زنجیرە چیاکە ڕێژەی تەنها (١٥,٣٢٪)ی کۆی گشتی قەزاکە دەگرێتەوە. و بەهەمان

شێوە ڕێژەی (١٠,٣٪)ی ئەو بەشەی پارێزگای نەینەوا پێکدەهێنێت کە کەوتۆتە سنوری هەرێمی کوردستان، بەڵام تەنها ڕێژەی (٣,٨٢٪)ی کۆی گشتی پارێزگاکە پێکدەهێنێت، لەکاتێکدا ڕێژەی (١,٥٢)٪ی ڕووبەری هەرێمی کوردستان و (٠,٢٩)٪ی کۆی ڕووبەری عێراق پێك دەهێنێت، خشتەی (١ - ٢).

**خشتەی (١ - ٢) ڕووبەر و ڕێژەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەکۆی ڕووبەری ناوچەکانی دەوروبەری و هەرێم و عێراق**

| شوێن | ڕووبەر کم$^2$ | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| ناوچەی لێکۆڵینەوە | 1273.15 | 100 |
| قەزای شەنگال | 3579.83 | 35.56 |
| قەزای بەعاج لەسنوری هەرێم | 906.5 | 140.44 |
| قەزای بەعاج بەگشتی | 8309 | 15.32 |
| پارێزگای نەینەوا لەسنوری هەرێم | 12358.4 | 10.3 |
| پارێزگای نەینەوا بە گشتی | ***33313*** | 3.82 |
| هەرێمی کوردستان | 83868 | 1.52 |
| عێراق | 435052 | 0.29 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بەبەکارهێنانی ArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بەBase Map نەخشەی (٢) و وزارة التخطيط، الجهاز المركزي لأحصاء CSO، الموجز الاحصائي نينوى ٢٠١٨، الخصائص الجغرافية لمحافظة نينوى، الجهاز المركزي للاحصاء - الجهاز المركزي للاحصاء (cosit.gov.iq).

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی ئەسترۆنۆمییەوە کەوتۆتە نێوان بازنەکانی پانی ("٦,٨٧٢ "١٦ ٣٦٥ – "٤٢,٤٠٧ "٢٩ ٣٦٥) باکورو هێڵەکانی درێژی ("٥٥,١٤٤ "١٦ ٤١٥ – "١٩,١٢٦ "٨ ٤٢٥) ڕۆژهەڵات.

نەخشەی (١ - ١) ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسنوری هەرێمی کوردستان







سەرچاوە:کاری توێژەران بەبەکارهێنانی ArcMap 10.8.1، پشت بەست بەBase Map و DEM12.5M .

نەخشەی (١ - ٢) شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە سنوری یەکە ئیدارییەکان




سەرچاوە:کاری توێژەران بەبەکارهێنانی ArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بە Base Map و DEM12.5M .

## ٢- تۆپۆگرافیای ناوچەی لێکۆڵینەوە و پەیوەندی بە پرۆسە سەربازییەکانەوە

گیلێویچ(دانیاڵ گیلێویچ (Daniel Gilewitch) خاوەنی تێزی دکتۆرا بە بەناونیشانی (جوگرافیای سەربازی: کارلێکی جیۆمۆرفۆلۆجیای بیابان و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان) لە زانکۆی ئەیزۆنا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣، بۆ مەبەستی نوسینی تێزەکەی پێداچوونەوەی بە بڵاوکراوە عەقیدییەکان کرد، لەوانە بڵاوکراوەی کەتیبە مەیدانییەکان FMs) Field Manuals)، هەواڵنامەکانی سەنتەری فێربوونی وانەکانی سوپا CALL) Center for Army Lessons Learned)، بەرهەمە مێژووییە جیاوازەکان و گۆڤارە پیشەییەکان سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنە مۆدێرنەکان لە ژینگە بیابانەکاندا کرد، لەوانەش لەسەر (جەنگی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١، زنجیرە ململانێی عەرەبی و ئیسرائیل، هەڵمەتی باکووری ئەفریقا لە جەنگی جیهانی دووەم، جەنگی ئێران و عێراق، ململانێی سۆڤیەت و ئەفغانستان و لەشکرکێشییەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا بۆ ئەفغانستان). سەرەڕای ئەزمونی کەسی لە ئۆپەراسیۆنەکانی بیاباندا لەبەرچاو گرت (Gilewitch, 2003. p61).،)چەند هۆکارێکی سەرەکی دیاریدەکات کە کاریگەریان لەسەر هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا هەبووە، ئەوانیش (هایدرۆلۆجی، بارودۆخە کەشییەکان کە با و تۆز، تیشکی خۆر، پلەی گەرمی و سروشتی زەوی بیابان (توبۆ گرافیا). (Gilewitch, 2003. p62)، کەواتە یەکێك لەو چوار هۆکارە سەرەکییە تۆپۆگرافیایە، چونکە شێوەی ڕووی زەوی یان تۆپۆگرافیا پێکهاتەی سروشتی مەیدانی جەنگە، لە سەرەتای پرۆسەی پلاندانانەدا، فەرماندەکان دەبێت سنوورو ئەگەرەکانی بناسن بۆ پاراستنی ئۆپەراسیۆنەکە، لەهەمان کاتدا دوژمن بخەنە دۆخێکی خراپ (US Army, 1982, p3-2). ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بە چەندین فاکتەر کۆنترۆڵ دەکرێن، هەندێکیان ئابووری، هەندێکیان ستراتیژی، هەندێکی تریان سروشتی سیاسییان هەیە. بەڵام کۆنترۆڵکردنی ڕاستەوخۆی تۆپۆگرافیا لەسەر جووڵەی سەربازەکان گرنگییەکی قووڵی هەیە (Johnson, 1917. p1). چونکە هەر یەکەیەکی شێوەی ڕووی زەوی وەربگرین، چەندین دیاردەی بەرزی و نزمی جیاواز لەخۆ دەگرێت کە لەکاتی پلاندانان و هێرش و بەرگری و ئۆپراسیۆنەکان گرنگییەکی زۆریان پێدەدرێت، لەهەمان کاتدا لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چەك و ئامرازو ئامێرەکانی گواستنەوەی خاڵی سەرنجن و زۆرینەی ئەم کۆمپانیایانە دیاردەی تۆپۆگرافی لەبەرچاو دەگرن لەکاتی بەرهەمهێنانی چەك و تۆپهاوێژ و تانك و زرێپۆشەکان، تەنانەت فرۆکە و ئامرازەکانی پەیوەندی، بۆیە زۆرجار ناوچە تۆپۆگرافییەکان هۆکاری یەکلاکەرەوەی شکست یان سەرکەوتنی هێزە شەڕکەرەکانن.

کۆلینز سێ پۆلی سەرەکی بەرزی و نزمی دیاریدەکات کە لەڕووی سەربازییەوە جێگەی گرنگی پێدانن لەوانە: یەکەم بەرزترین (Highest)، وەك (چیا، گرد، لاپاڵ و هەڵدێرەکان)، پۆلی دووەم فراوانترین یان گەورەترین (Larges) وەك (دەشت و بانەکان)و پۆلی سێیەم قوڵترین (Deepest) ناوچەیە کە (دۆڵ، ڕێڕەوی ڕووبار، خەرەند، دەربەند، ئەشکەوت و دەمی گڕکانەکان) دەگرێتەوە، (Collins, 1998 p28.). زۆرینەی ئەو دیاردە تۆپۆگرافیانەی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بونیان هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەندی تۆپۆگرافیای ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پرۆسە سەربازییەکان لە سێ خاڵدا کورت دەکەینەوە:

### ٢-١- بەرزی (Height) یان بەرزایی (Elevation):

بەرزی لەئاستی ڕووی دەریا کاریگەری نەرێنی لەسەر یەکە سەربازییە شەڕکەرەکان هەیە، چونکە لەگەڵ زیادبوونی بەرزی وزەو هەوڵی زیاتر لەدەست دەچێت، هەروەها پلەی گەرمی لەگەڵ بەرزبونەوەدا بە ڕێژەی ٠,٦ پلەی سەدی بۆ هەر ١٠٠ مەترێک دادەبەزێت. کەمبوونەوەی پلەی گەرمی کاریگەری لەسەر ئەدای کارکردن و کارایی سەربازەکان هەیە، هەروەها لە چیا بەرزەکاندا ئەگەری سەرکەوتوویی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکان کەم دەبێتەوەو پەیوەندییە ڕادیۆییەکان تێکدەچن، ئەگەری داخستنی ڕێگاکان زیاد دەکات، ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی سەربازان دەبنەوە توندتر دەبن، بەتایبەتی ئەگەر لە ناوچە نزمەکانەوە هاتبن، ئەمە سەرەڕایی ئەوەی سەربازەکان لە ناوچە بەرزاییە زۆر ساردەکاندا پێویستیان بە کەرەستە و جلوبەرگی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی لە سەرما بیانپارێزێت. جگە لەو خۆراکە تایبەتەی کە پێویستیان پێیەتی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو وزەیەی لەدەستی دەدەن بەهۆی ئەو هەوڵانەی کە لە کاتی جووڵە و ئەنجامدانی ئەرکی شەڕدا دەدرێن (الدویکات،

٢٠٠٢. ص١٧٩). بەرزی کاریگەری لە جوڵەی ئۆتۆمبێلەکانیش هەیە، بەجۆرێك ئۆتۆمبێلە سەبازییەکان لە ناوچە بەرزەکاندا تواناکانیان بەتەواوەتی کەمدەبێتەوە. چونکە ڕێگا شاخاویەکان بە تایبەتمەندی تەسک و پێچاوپێچ ناسراون و ڕووبەڕووی دارمانی زەوی و بەفر دەبنەوە. هەروەها بۆ هەر (١٠٠٠)م سەرکەوتن، ( ٨ - ١٠٪)ی کارایی بزوێنەر لەدەست دەدات، بەهۆی دابەزینی پەستانی هەوا، هەروەها دابەزینی پلەی گەرمی ئاوی کولاوی ڕادێتەر بە ڕێژەی ٣-٤ پلەی سەدی، کە بزوێنەری و ڕادێتەر هەڵم بەرهەم دەهێنێت. لەڕوانگەیەوە سۆڤیەتیەکان لە ئەفغانستان بۆیان دەرکەوت کە ئۆتۆمبێلەکانیان تا دوو هێندە زیاتر لە ڕووسیا سووتەمەنی بەکاردەهێنن، بەهۆی کەمبوونەوەی پەستانی بەرگەهەوا، خراپی دۆخی ڕێگاوبانەکان، بوونی بەرزییەکی زۆر و پێچێکی مەترسیدار، هەموو ئەمانە وایانکرد بەخێراییەکی کەم بجوڵێن، سەرەڕایی بەکارهێنانی ڕۆن و چەورکەر و دژە بەستنی زیاتر (Faringdon, 1989. p65). سەرەڕای ئەوەی بەرزی زنجیرە چیا و گردە لە ناوچە سنوورییەکان سوودی مەیدانی فراوان لە ڕووی جەنگ و چاودێری بە هێزە بەرگریکارەکان دەبەخشێت.

زنجیرە چیای شەنگال کەوتۆتە ناوچەیەی نیمچە شاخاوی، ئەم ناوچەیە لە باشوری هەرێمی کوردستان بۆ باشوری خۆرئاوای ناوچە شاخاوییەکان درێژ دەبێتەوە، بەرزییان لە ١٠٠٠م کەمترە لە ئاستی ڕووی دەریاوە، ڕووبەری ئەم ناوچەیە (٥٨٧٠٨)کم٢ (حمد، ٢٠١٤. ل٦١)، بەم پێیەش ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕێژەی (٢,١٧)٪ی ناوچەی نیمچە شاخاوی پێك دەهێنێت. هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە لە بەرزی (٥٠٠)هوە دەست پێدەکات بۆ بەرزترین لوتکە چیا کە (1472)م لەئاستی ڕووی دەریاوەو کەوتۆتە ئاست سەنتەری شاری شەنگال تارادەیەك ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکە دەگرێتەوە بەلوتکەی چل مێرا(Chilmera) ناسراوە (Frantzman, 2016)، بەڵام نزمترین شوێن کەوتۆتە خۆرئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە کە (481)م لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە. لە کاتێکدا بەرزی دەشتەکانی دەوروبەری زنجیرە چیاکە لە نێوان (٤٠٧ - ٤٣٢)م دایە لەئاستی ڕووی دەریاوە (Sissakian, 2011, p. 9). هەروەها درێژترین شوێنی زنجیرە چیای شەنگال (٧٥,٨٧)کم، ئەمە لەکاتێکدایە پانترین شوێنی (٢٣,٢٣٧)کم و تەسکترین شوێنیش لە زنجیرە چیاکە (١٠,٦٠)کم، خشتە و نەخشەی (٢ - ١).

خشتەی (٢ - ١) تایبەتمەنی جوگرافی زنجیرە چیای شەنگال

| درێژی/ کم | پانی/ کم | | بەرزترین شوێن لەئاستی ڕووی دەریا/م | نزمترین شوێن /م لەئاستی ڕووی دەریا |
|---|---|---|---|---|
| | پانترین | تەسکترین | | |
| 75.87 | 23.237 | 10.60 | 1472 | 481 |

سەرچاوە:کاری توێژەران بەبەکارهێنانی Military Tools لە ArcGIS Pro ، پشت بەست بە DEM12.5M .

دابەشبوونی بەرزی و نزمی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەجۆرێکە ئەو ناوچانە بەرزییان لە نێوان (٥٠٠ – ٧٠٠)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە ڕووبەرییان (٨٨٧,٥٧)کم٢، کە دەکاتە (٦٩,٧١)٪ی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەمەش فراوانترین ڕووبەری زنجیرە چیاکە پێکدەهێنێت، بەڵام ئەو ناوچانەی بەرزییان لە (٧٠١ – ٩٠٠)م دەست پێدەکات (١٤,٥٠)٪ی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو ناوچانەی بەرزییان لە نێوان (٩٠١ – ١٠٠٠)م دایە ڕێژەی (٤,١٣)٪ی زنجیرە چیای شەنگال پێکدەهێنن، بەڵام بەرزی نێوان (١٠٠١ – ١٢٠٠)م لە ئاستی ڕووی دەریاوە کەمترین ڕێژەی زنجیرە چیاکە پێك دەهێنێت کە تەنها (٣,٥٦)٪، کەچی بەرزترین ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بەزیان لە نێوان (١٢٠١ - ١,٤٧٢)م دایە ڕووبەری (١٠٣,١١)کم٢ و ڕێژەی (٨,١)٪ی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگرێتەوە خشتەی (٢ - ٢) و نەخشەی (٢ - ١).

خشتەی (٢ - ٢) ڕووبەر و ڕێژەی ناوچە بەرزاییە جیاوازەکانی زنجیرە چیای شەنگال

| بەرزی لەئاستی ڕووی دەریا /م | ڕووبەر/ کم² | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| 700 – 500 | 887.57 | 69.71 |
| 900 – 701 | 184.55 | 14.50 |
| 1000 – 901 | 52.59 | 4.13 |
| 1200 – 1001 | 45.33 | 3.56 |
| 1,472 - 1201 | 103.11 | 8.1 |
| کۆی گشتی | 1273.15 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەبەکارهێنانی ArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بە نەخشەی (2-1)

سوپای سۆڤیەت پۆلێنێکی دیاریکرد لەنێوان بەرزی و جوڵەی تانك و ئۆتۆمبێلی سەربازی، ئێمەش پێوەرەکەمان لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە جێبەجێکرد، بۆ نموونە بەرزی (٣٠٠ – ٥٠٠)م لە ئاستی ڕووی دەریا، کە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە (٤٨١ - ٥٠٠)م(بەرزی لەناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان (٤٨١ – ١٤٧٢)م، بۆیە پۆلێن بەندییەکەمان بەو شێوەیەی خشتەی (٧) ئەنجام داوە.)

دیاریکراوە بە ڕووکارە گرداوییەکان یان ناوچە شەپۆلاوییەکان ناسراوە ڕووبەری (٦,٩٧)کم٢، دەکاتە (٠,٥٥٪)ی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەپێی پێوەرو پۆلێن بەندی سوپای سۆڤیەت تێپەڕین لەزۆربەی شوێنەکانی ئەم بەرزییە ئاسانە، ئەمە لەکاتێکدایە بەرزی نێوان (٥٠٠ – ١٠٠٠) م لەئاستی ڕووی دەریا، بەپێی هەمان پۆلێن بەناوچە شاخاوییە نزمەکان ناسراوە، زۆرترین ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنێت کە (١١١٧,٦٩) کم٢ کە ڕێژەی (٨٧,٧٩)٪ی پێکدەهێنێت، بەجۆرێك لەم ناوچەیە جوڵەی تانك و ئۆتۆمبێلی سەربازی قورسە لەپشتێنەیەکی فراواندا، ناوچەی چیا بەرزەکانیش کە بەرزییان لەناوچەی لێکۆڵینەوە (١٠٠٠ - ١٤٧٢)م لەئاستی ڕووی دەریا بە چیای بەرز دادەنرێن و ڕووبەری (١٤٨,٤٩)کم٢ و ڕێژەی (١١,٦٦٪)ی زنجیرە چیای شەنگال پێکدەهێنت، ئەم ڕووبەرو بەرزییە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل قورسە بەئاڕاستەی سنوردرابوون، خشتە (٢ - ٥) نەخشەی (٢ - ٤).

نەخشەی (٢ - ١) بەرزی و نزمی و هێڵی کەنتۆری ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە:کاری توێژەران بەبەکارهێنانیMilitary Tools لە ArcGIS Pro و ArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بە DEM12.5M .

خشتەی (٢ - ٥) جێبەجێکردنی پۆلێن بەندی سوپای سۆڤیەت لەسەر بەرزی و پەیوەندی بە جوڵەی تانك و ئۆتۆمبێلی سەربازی

| بەرزی لە ئاستی رووی دەریا /م | | جۆری بەرزی و نزمی | رووبەر کم$^2$ | رێژە (%) | کاریگەرییەکان لەسەر جوڵەی تانك و ئۆتۆمبێلی سەربازی |
|---|---|---|---|---|---|
| پۆلێنی سۆڤیەت | بەرزی ناوچەی لێکۆڵینەوە | | | | |
| 500 – 300 | 500 – 481 | رووکارە گرداوییەکان | 6.97 | 0.55 | تێپەڕین ئاسانە |
| 1000 – 500 | 1000 – 500 | ناوچە شاخاوییە نزمەکان | 1117.69 | 87.79 | بۆ هەندێ ئۆتۆمبێل قورسە لەپشتێنەیەکی فراواندا |
| 2000 – 1000 | 1472 – 1000 | چیا بەرزەکان | 148.49 | 11.66 | بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل قورسە |
| | | کۆی گشتی | 1273.15 | 100 | |

سەرچاوە:کاری توێژەران بەبەکارهێنانیArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بە نەخشەی (2-4) و (Faringdon, 1989. p65 - 66).

هەروەها ئەمڕۆ وڵاتانی پێشکەوتوو هێرش لە چیا بەرزەکاندا لەرێگەی هێلیکۆپتەرەوە بەهۆی ناردنی هێزی سووک بۆ دەستبەسەرداگرتنی لوتکە چیاکان ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا هێزی سەرەکی بە درێژایی بنی دۆڵەکان جێگیر دەبن. چونکە هێلیکۆپتەرەکان توانای نوێیان بەخشیوە بە ناوچە شاخاوییەکان، ئەوەتا ١٣ی ئابی ٢٠١٤ تیمێکی ٢٠ کەسی سوپای ئەمریکا لەرێگەی هێلیکۆپتەرەوە سەردانی چیای شەنگالیان کرد بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، پێشبینیانکرد تا ئەوکاتە نزیکەی ٢٠ هەزار ئێزیدی لەسەر چیاکە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) گەمارۆدراون بەپەلە پێویستیان بەهاوکارییە، هەر لەو رۆژە تیمەکە گەڕانەوە بۆ هەولێر (JOHNSON , 2014).

بەرزاییەکان کاریگەری هەیە لەسەر فڕۆکە و هێلیکۆپتەرە سەربازییەکان، بەجۆرێك فڕین لەبەرزایی بەسەر ئەو ناوچانەی کانزای تێدایە

کاریگەری دەبێت لەسەر قبلەنمای فرۆکەکە واتا ئاستەنگ بۆ دۆزینەوەی ئاڕاستە دروست دەکات و دەبێتە هۆی ونکردنی ئامانجەکان جا دۆزینەوەی ئاراستەبێت یان هەرجێگەیەکی مەبەست، هەرچەندە ئامێری و دەزگای جێگرەوە هەیە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت قیبلەنما سەرەکیترین هۆکاری نیشاندانی ڕێگای ئاسمانییە، بەزاییەکان توانای دام و دەزگاکانی ناردن و وەرگرتنی شەپۆلی ڕادیۆو تەلەفونی سنوردار دەکەن و دەتوانن بەڕێژەیەکی بەرچاو توانی ئەم دەزگایانە کەمبکەنەوە (صفوی، ٢٠١١. ل٥٠ – ٥١).

نەخشەی (٢ - ٤) جێبەجێکردنی پۆلێن بەندی سوپای سۆڤیەت لەسەر بەرزی و پەیوەندی بە جوڵەی تانك و ئۆتۆمبێلی




سەرچاوە:کاری توێژەران بەبەکارهێنانیArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بە خشتەی (2-5) و (Faringdon, 1989. p65 - 66).

¬¬-٢-٢- پلەی لێژی (Slope Degree): لێژی لەسەر دوو ڕەگەز وەستاوە، یەکەمیان باس لە بەهێزی لێژی یان پلەی مەیلانی ڕووی زەوی دەکات، دووەمیان باس لە ئاراستەی لێژی دەکات. شارەزایانی تۆپۆگرافیای سەربازی سۆڤیەت (Soviet Military Topographers) ڕووبەری زەویان بەپێی سەختی و ڕکی بۆ مەبەستی سەربازی لە پێنج پۆلدا پۆلێن کرد. هەریەك لە پۆلەکانیان بەستەوە بە جوڵە و خێرای زرێپۆش و ئۆتۆمبیلی تایەدار و تانکی زنجیردار، ئێمەش پۆلێنەکەمان لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە جێبەجێکرد، بەجۆرێك ئەو ناوچانەی پلەی لێژیان لە (٥ کەمترە) ڕووبەری (٦٤٢,٧)کم٢ ی زنجیرە چیای شەنگال پێکدەهێنن کەواتە (٥٠,٤٨)٪ی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەئاسانی جوڵەی ئۆتۆمبیل و زرێپۆش و تانکی تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەو ناوچانەی پلەی لێژیان لە نێوان (٢٠ - ٣٠) پلەیە دایە (٩٣,٤)کم٢ داگیر دەکەن و لە(٧,٧٣)٪ی و ناوچەکانی ناوچەکە دەگرێتەوە، کە بە سەختییەکی زۆرەوە ئۆتۆمبێلی تایەدار تێدەپەڕێت، بەڵام تانك و زنێپۆشی زنجیردار بە شێوەیەکی کرداریی ناتوانێت تێپەڕێت، هەروەها ئەو شوێنانەی (٣٠ پلە بەرەو سەر) ڕووبەری (٢٦,٤)کم٢ی زنجیرە چیاکە پێك دەهێنن، کە دەکاتە (٢,٠٧)٪ی ناوچەی لکۆڵینەوە، کە زرێپۆش ئۆتۆمبێلی تایەدار تانك و زنێپۆشی زنجیردار ناتوانن تێبپەڕن. خشتەی (٢ - ٦) و نەخشەی (٢ - ٥).

**خشتەی (٢ - ٦) پلەی لێژی لەسەر بنەمای ڕێبەری دەستی ئەفسەرانی تۆپۆگرافیای سەربازی سۆڤیەت (The Soviet Military Topography Officers Handbook)، جێبەجێکردنی لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| پلەی لێژی | ڕووبەر کم² | ڕێژە (%) | کاریگەری لەسەر جوڵەی زرێپۆش ئۆتۆمبێلی تایەدار | کاریگەری لەسەر جوڵەی تانك و زێپۆشی زنجیردار |
|---|---|---|---|---|
| کەمتر 5 | 642.7 | 50.48 | بەئاسانی تێدەپەڕێت | دەتوانێت تێپەڕێت |
| 10 – 5 | 246.65 | 19.37 | دەتوانێت تێپەڕێت | بەسەختی تێپەڕ دەبێت |
| 20 – 10 | 264 | 20.74 | بەسەختی تێپەڕ دەبێت | بە سەختییەکی زۆر و زۆر بە هێواشی تێپەڕ دەبێت |
| 30 – 20 | 93.4 | 7.34 | بە سەختییەکی زۆرەوە تێپەڕ دەبێت | بە شێوەیەکی کرداریی ناتوانێت تێپەڕێت |
| 30 بەرەو سەر | 26.4 | 2.07 | بە شێوەیەکی کرداریی ناتوانێت تێپەڕێت | نا توانێت تێپەڕبێت |
| کۆی گشتی | 1273.15 | 100 | | |

سەرچاوە:کاری توێژەران بەبەکارهێنانیArcMap ١٠,٨,١ ، پشت بەست بە نەخشەی (٢-٥) و (Faringdon, ١٩٨٩. p ٦٦.).

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە توانای ئەو ئۆتۆمبێل و تانك و زرێپۆشانە کەم دەبنەوە کاتێك ڕووی زەوی تەڕ بێت و شێ زیاتر لە ٥٠٪ بێت (الدويكات، ١٩٩٤. ص٤٩). بەهەمان شێوە پلەی لێژی کاریگەری هەیە لەسەر خێرای تانکەکان، بۆ نمونە ئەو ناوچانەی لێژیان لە نێوان(٣ – ٦) پلەیە خێراییان لەنێوان (١٢ -١٥)کم/سەعات، بەڵام کاتێك لێژی دەگاتە (١٥-٢٠) پلە، خێرای بۆ زیاتر لە نیوە دادەبەزێت بەجۆرێك دەگاتە (٤ – ٦)کم/سەعات (Faringdon, ١٩٨٩. p٥٣.).

نەخشەی (٢ - ٥) جێبەجێکردنی پۆلێن بەندی سوپای سۆڤیەت لەسەر بەرزی و پەیوەندی بە جوڵەی ئۆتۆمبێلی سەربازی




سەرچاوە:کاری توێژەران بەبەکارهێنانیArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بە خشتەی (2-6) و (Faringdon, 1989. p66.).

## ٢-٣- ئاڕاسته (Aspect):

له جوگرافیای سه‌ربازی ئاڕاسته به گشتی گرنگی زۆری هه‌یه، چونكه له ڕێگه‌یه‌وه ئامانجه‌كان ده‌ست نیشان ده‌كرێت، ڕێژه‌ی پێكان له هێرشی ئاسمانی و زه‌مینیدا زیاتر ده‌كات، ئه‌مه سه‌ره‌ڕایی گرنگی ئاڕاسته‌ی لێژی بۆ دیاریكردنی ئاوڕێژی باران، ڕۆیشتی ئاو به‌هه‌ر ئاڕاسته‌یه‌ك واتای زۆری و چڕی ڕووه‌ك و دارستانی سروشتی له‌م ناوچه‌یه، ئه‌مه‌ش كاریگه‌ری ده‌بێت له‌سه‌ر جوڵه و چالاكی سه‌ربازی، هه‌روه‌ها ده‌ست نیشانكردنی شوێنی گونجاو پارێزراو بۆ دامه‌زراندنی بنكه سه‌ربازییه‌كان بۆ ئه‌وه‌ی دوربێت له زیانی لافاو. ئاڕاسته‌ی لێژی له زنجیره چیای شه‌نگال به‌شێوه‌یه‌ك دابه‌شبووه، كه زۆرترین ئاڕاسته‌ی زنجیره چیاكه به‌ره‌و باكوره، وه‌ك له خشته‌ی (٦) دیاره كه دوو ئاڕاسته‌ی باكور بوونی هه‌یه زۆرترین ڕووبه‌ری ناوچه‌ی لێكۆڵینه‌وه ڕووه و ئه‌و ئاڕاسته‌یه‌ن، به‌جۆرێك یه‌كه‌م ئاڕاسته‌ی باكور به پله‌ی (٠-٢٢,٥)هـ ڕووبه‌ری (٢٣١,٦٢)كم٢ كه ده‌كاته (١٨,١٩)٪، دووه‌مییان باكور به پله‌ی (٣٣٧,٥-٣٦٠)هـ ڕووبه‌ری (١٢٦,٨٩) كم٢ كه ده‌كاته (٩.٩٧)٪، كه‌واته به‌گشتی ئاڕاسته‌ی باكور ڕێژه‌ی (٢٨,١٦)٪ی ناوچه‌ی لێكۆڵینه‌وه پێك ده‌هێنێت، كه‌واته ئه‌وه ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رده‌خات كه فراوانترین ڕووبه‌ری زنجیره چیاكه ڕووه‌و باكوره، به‌ڵام (٠,٥٣)٪ی ته‌خته (Flat)هـ یان بێ ئاڕاسته‌یه، كه‌مترین ڕووبه‌ری به ئاڕاسته‌ی ڕۆژئاوا (٢٤٧,٥-٢٩٢,٥)هیه كه بریتییه له (١١٣,٣٣)كم٢ و كه ته‌نها (٨,٩)٪ی ناوچه‌ی لێكۆڵینه‌وه پێكده‌هێنێت، له كاتێكدا ئاڕاسته‌ی ڕۆژهه‌ڵات (٦٧,٥-١١٢,٥)هـ ڕووبه‌ری (١١٦,٦٥) كم٢ و ڕێژه‌ی (٩,١٦)٪، ئاڕاسته‌ی باشوریش (١٥٧,٥-٢٠٢,٥)هـ ڕووبه‌ری (١٤٤,٢٣) كم٢ و كه (١١,٣٣)٪ی كۆی گشتی ناوچه‌ی لێكۆڵینه‌وه پێك ده‌هێنن. خشته‌ی (٢ - ٤) و نه‌خشه‌ی (٢ - ٣).

**خشته‌ی (٢ - ٤) ڕووبه‌ر و ڕێژه‌ی ئاڕاسته‌ی لێژی ناوچه‌ی لێكۆڵینه‌وه**

| ڕێژه (%) | ڕووبه‌ر | ئاڕاسته |
|---|---|---|
| 0.53 | 6.75 | Flat ته‌خت (-1) |
| 18.19 | 231.62 | North باكور (0-22.5)ه |
| 10.30 | 131.13 | Northeast باكووری ڕۆژهه‌ڵات (22.5-67.5)ه |
| 9.16 | 116.65 | East ڕۆژهه‌ڵات (67.5-112.5)ه |
| 10.87 | 138.36 | Southeast باشوری ڕۆژهه‌ڵات (112.5-157.5)ه |
| 11.33 | 144.23 | South باشور (157.5-202.5)ه |
| 10.08 | 128.31 | Southwest باشوری ڕۆژئاوا (202.5-247.5)ه |
| 8.9 | 113.33 | West ڕۆژئاوا (247.5-292.5)ه |
| 10.67 | 135.88 | Northwest باكوری ڕۆژئاوا (292.5-337.5)ه |
| 9.97 | 126.89 | North باكور (337.5-360)ه |
| 100 | 1273.15 | كۆی گشتی |

سه‌رچاوه: كاری توێژه‌ران به‌به‌كارهێنانی ArcMap 10.8.1 ، پشت به‌ست به نه‌خشه‌ی (5).

به‌رزی و نزمی به‌گشتی و لێژی و ئاڕاسته به‌تایبه‌تی كاریگه‌ری زۆریان هه‌یه له‌سه‌ر جه‌نگ و پرۆسه سه‌ربازییه‌كان، له‌هه‌ردوو لایه‌نی به‌رگری و هێرش دا، كه ڕۆڵ و كاریگه‌ری تۆپۆگرافیا له‌سه‌ر به‌رگری و هێرشی سه‌ربازی جیاوازه، به‌جۆرێك به‌رگریكار به زانیاری ته‌واوی ده‌رباره‌ی ڕووی جوگرافی (مه‌یدانی جه‌نگ) جیاده‌كرێته‌وه، بۆیه ناوچه شاخاوییه به‌رزه‌كان هه‌ستی به هێز و كۆنترۆڵی و باڵاده‌ستیی ده‌ده‌نه به‌رگریكار، له‌كاتێكدا هێرشبه‌ر له ناوچه شاخاوییه‌كان هه‌ست به لاوازبوون ده‌كات، چونكه له به‌شی خواره‌وه‌ی به‌رزاییه‌كاندا ده‌رده‌كه‌وێت. به‌ڵام گرنگی تاكتیكی چیاكان كه‌متره ئه‌گه‌ر هێرشبه‌ره‌كه بڕیار بدات هێرش نه‌كاته سه‌ر پێگه شاخاوییه‌كانی به‌رگریكاران ئه‌گه‌ر ده‌رفه‌تی تری هه‌بێت له به‌ره‌كانی تر هێرش بكات، هه‌روه‌ها گرنگی تاكتیكی به‌رزاییه‌كان كه‌م ده‌بێته‌وه، ئه‌گه‌ر ده‌وره بدرێت به دۆڵی فراوان كه به دارستانی چڕ داپۆشراوه، چونكه ئه‌گه‌ری خۆ شاردنه‌وه‌ی و داپۆشینی هێزی هێرشبه‌ر زیاتر ده‌بێت، به‌مه‌ش گرفتی گه‌وره بۆ هێزی به‌رگریكار دروست ده‌كات (الدویكات، ١٩٩٤. ص٥٠)، به‌ڵام ناوچه‌ی لێكۆڵینه‌وه به‌هۆی شوێنه جوگرافییه‌كه‌یه‌وه گرنگیه‌كی ستراتیژی سه‌ربازی له‌ڕووی

ناوخۆی و دەرەکییەوە  ڕێ بەخشیوە، کە لەخاڵی سێیەمدا ئەو ستراتیژییە سەربازییە دەخەینە ڕوو.

نەخشەی (٢ - ٣) ئاڕاستەی لێژی (Aspect)




سەرچاوە: کاری توێژەران بەبەکارهێنانی ArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بە DEM12.5M.

٣- ستراتیژی سەربازی چیای شەنگال: شوێنی جوگرافیای زنجیرە چیاکە وایکردووە خاوەنی ستراتیژیەتێك بێت لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی:

٣-١- ستراتیژی سەربازی ناوخۆی (ستراتیژی سەربازی زنجیرە چیای شەنگال بۆ هەرێمی کوردستان): بەهۆی ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتۆتە سەر سنوری خۆرئاوای هەرێمی کوردستان، ناوچەیەکی بەرزە بەبەراورد بە زەوییەکانی دەوروبەری، بەجۆرێك لوتکە بەرزەکانی دەڕوانێت بەسەر ئەو دیوی سنوری وڵاتانی سوریا و تورکیا و عێراقیش، بەم پێیەش ستراتیژی بینین و چاودێری فراوانە کە لە پرۆسە سەربازییەکان جێگەی بایەخە، بۆیە گونجاوترین شوێنە بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازی و چاودێری و کۆنترۆڵ و ڕادار و ڕادیۆیی. لەگەڵ هاتنی داعش ئەم ستراتژەیەتە زیاتر دەرکەوت، کاتێك بەشێکی فراوانی خاکی ناوچە جێناکۆکەکان کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە، کە لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ تا ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ واتا زیاتر لە ٣ ساڵ و چوارمانگ، ئەوانیش ناوەندی پارێزگای کەرکوك و قەزاکانی (خانەقین، دوزخورماتوو، داقوق، ناوەندی کەرکوك، دبس، مەخمور، شێخان، شەنگال) و (٢٣) ناحیە کۆنترۆڵکرا، ڕووبەری ئەو خاکەی کە بەناوچەی جێناکۆك دادەنرا لە (٢٧٢٠٠) کم٢ کە دەکاتە (٣٢,٤٣)٪ی کۆگشتی خاکی هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگە (ڕەئوف، ٢٠١٧، ل١٦٥) لەناویاندا ناوچەی لێکۆڵینەوەش هەبوو، کە بەشێکە لە قەزای شەنگال و تەلەعفەر ئەم  ناوچانە وەك بەشێك لە ناوچە جێناکۆکەکان گرنگیەکی ستراتیژی گەورەی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان بەو پێیەی حکومەتی هەرێم درك بەوە دەکات کە شەنگال ڕێڕەوێکی وشکانی و جوگرافیای گرنگە کە هەرێم بە سوریا و دەریای ناوڕاستەوە دەبەستێتەوە. هەروەها پارێزگای موصڵ دەوڵەمەندە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەنەوت بەوپێیەی چەندین بیرە نەوت هەیە کە دەتوانرێت لەڕێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە و ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا بگەینرێتە دەریای ناوەڕاست، کە داعش لەو ماوەی حوکمڕانی بەهۆی ڕێگای (٤٧) کە بەناوچەی لێکۆڵینەوەو سەنتەری شەنگال دادەڕوات، هەردوو گەورە پارێزگای موصڵ و ڕەقەی بەیەکەوە بەستبۆوە، بۆ ئەوکاتە زۆرگرنگ بوو چونکە نەوت و چەك و تەقەمەنی و هێزی لەم ڕێگەیەوە جوڵە پێ دەکرد، بڕوانە شێوەی (٢) ئۆپڕاسیۆنی (A). ئەمە سەرەڕای ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی گرنگ و پیرۆزی ئێزیدییەکانە کە بەهۆی ئاینەکەیانەوە کورد بوونی خۆیان پاراستووە، جگە لەلایەنی سەربازی دەکرێت وەك ناوچەیەکی گەشتوگوزاری ئاینی سودی لێوەربگیرێت، هەروەها سەرنجی جیهان و ڕۆژئاوا بەهۆی ئەو پێکەوە ژیانی فرە ئایینی و نەتەوەییە زیاتر ڕابکێشرێت.

هەرچەندە لە دوای ١٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ کە بە (١٦ی ئۆکتۆبەر) ناسراوە هاوکاتە لەدوای ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆی، حکومەتی هەرێم و دەیەوێت بگەڕێتەوە ئەم شوێنانە بەتایبەتی شەنگال، بۆیە لە ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ ڕێککەوتنێک بە سەرپەرشتی نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یونامی)، حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنێکی ئەمنی و سەقامگیری و ئاشتەواییان بۆ قەزای شنگال واژۆکرد(ڕێککەوتنی ئاسایش و سەقامگیری تیشک دەخاتە سەر ئاشتەوایی لە ڕێگەی گۆڕانکاری ئیداری و ئاسایش و ئاوەدانکردنەوە. لەڕووی کارگێڕییەوە، ڕێککەوتنەکە داوای هەڵبژاردنی سەرۆکی شارەوانییەکی نوێ دەکات. لە ڕێککەوتنەکەدا هاتووە، هەولێر- بەغدا بڕیار لەسەر سەرۆکی شارەوانی سەربەخۆ بدات، کە تا ئێستاش بە هەڵپەسێردراو ماوەتەوە. لە ڕووی ئەمنیەوە، ڕێککەوتنەکە داوای دیپۆرتکردنەوەی سەرجەم گروپە چەکدارەکان و ڕاسپاردنی ٢٥٠٠ هێزی ئەمنی ناوخۆیی بۆ شنگال دەکات، سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوە، داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم دەکات بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی خۆجێی لە پارێزگای نەینەوا بۆ ئاوەدانکردنەوە. هەروەها ئامانجی ڕێککەوتنەکە سەقامگیری و ئاسایش و ئیدارەی مەدەنی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە بۆ هاندانی گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان (IDP) کە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە ئاوارەبوون. (Marouf, 2021)). بۆ ئەوەی بەپێی یاسا بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکە.

زنجیرە چیای شەنگال بۆ خەڵکی شەنگال و دەوروبەری هەر لە دێر زەمانەوە پەناگەیەکی سروشتی بووە بۆ مانەوەی کوردانی ئێزیدی و پاراستنی ئاینەکەیان(ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز (Reuters) لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ چاوپێکەوتنی لەگەڵ فەهد حەمید ڕزگاربوێکی ئێزیدی کردووە کە لە سەرەتای هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە مانگی ئابدا پەنای بۆ چیای شەنگال برد، حەمید دەڵێت: باوەڕمان بە خودا و ئەم شاخە بەهێز بوو. "باوک )، چونکە ئەم کەمینە کوردییە ئایینیە بەپێی مێژوو چەندین جار هێرشیان کراوەتە سەر، دواهەمینیان هێرشی داعش بوو لە مانگی ئابی ٢٠١٤، کە بووە هۆی ئەوەی ٣٠٠ هەزار کەس ئاوارە بن، بەشێکی زۆریان بەرەو چیای شنگال ڕۆیشتن و گیریان خوارد تا ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شەنگال بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و هێزی پێشمەرگەو یەکەکە (Frantzman, 2016). وەك لە شێوەی (٣ - ١) لە ئۆپڕاسیۆنی (A)دا هێرشی یەکەم لەلایەن هێزی پێشمەرگە کە لە زوممارو ڕەبیعەوە بەهاوبەشی لەگەڵ فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوەو زنجیرە چیای شەنگال هێزەکانی داعش پاشەکشێ دەکەن، هەربۆیە ئۆپڕاسیۆنی (B) یان هێرشی ئازادکردنی شەنگال لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ لە سێ بەرەوە دەستپێکرد. لەسەرەتادا هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمریکا پێش هێرشی زەمینی، پاشان هاوپەیمانی چەکدارانی پەکەکە و یەپەگە و یەبەشە لە باکوری خۆرئاواوە لە چیای شەنگال، هەروەها هێزەکانی پێشمەرگە لەڕۆژهەڵات و باکوری زنجیرە چیاکە هێرشیان کردە سەر باشوور بۆ ناو شەنگال (Burns, ٢٠١٦, p. ٥) و شێوەی (٣ - ١). شەڕی ئازادکردنی شەنگال بایەخی شوێنی ستراتیژی زنجیرە چیاکەی بۆ هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە زیاتر دەرخست، چونکە ناوچەکانی ژێر دەستی داعش بەتایبەتیش سەنتەری شاری شەنگال لەژێر بۆردومانی هێزە کوردییەکانەوە بوو کە لەچیاکەوە تۆپبارانی ناوچەکەیان دەکرد.

**شێوەی (٣ - ١) (A - B) هێرشی هێزی پێشمەرگە پەکەکە و هاوپەیمانان بۆ سەر داعش و شەڕی شەنگال**




سەرچاوە/ کاری توێژەران پشت بەست بە: (Burns, 2016, p. 3 and 6)

ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتۆتە ناو پرۆژەی پشتێن و دەستپێشخەری ڕێگا Belt and Road Initiative (BRI)ی چینی کە لە ساڵی ٢٠١٣ سەریهەڵدا و بە ڕێگای ئاوریشم (The Silk Road) ناسراوە(پرۆژەکە لەبنەڕەتدا ستراتیژی بەستنەوەی پێنج دەریا The Five Seas strategy)یە، بریتییە لە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر، ڕێگا و تۆڕی وزە، کە ئاوی دەریای ناوەڕاست، کەنداوی فارس، دەریای ڕەش، دەریای سوور و دەریای خەزەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە. پرۆژەکە گەلانی جۆراوجۆری دووگەی جیهانی ماکیندەر لە پشت بەرنامەیەکی هاوئاهەنگی، یەکگرتن و هاوکاری پیشەسازی یەکدەخات (Ehret, 2021).)، ئەم ڕێگایە لقێکی لە ئێرانەوە دێت و لەخانەقینەوە دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، دواتر دەچێتە بەعقوبە و پاشان بۆ بەغداد و ئینجا بەرەو باکور بۆ شەرگات شەنگال و ناوچەی لێکۆڵینەوە دواتر لەڕێگەی سوریاوە دەگات بە دەریای ناوەڕاست. واتا ئەم ڕێگایە هاوشانی ڕێگای وشکانی تاران دەریای ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە نەخشەی (٣ - ١) ئەم پرۆژەیە بۆ وڵاتانی ناوچەکە زۆر گرنگە بەتایبەتیش بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام دوای ئەوەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم یان ناوچە جێناکۆکەکان کەوتەوە ژێر کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان، چونکە بەتەواو بوونی پرۆژەکە هەرێمی کورستان دەبێتە دورگەیەك لەناو پێنج دەریاکە، ئەمە لەکاتێکدایە بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوەش جێگەی بایەخە و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی ئابوری بەرەو پێشچوونی

ناوچەکە هەیە.

٣-٢- ستراتیژی سەربازی دەرەکی: زنجیرە چیای شەنگال کەوتۆتە سەر سنوری نێوان هەرێمی کوردستان و سوریا، بەجۆرێك درێژی ئەو سنورە نێودەوڵەتییەی کەوتۆتە ناوچەی لێکۆڵینەوە (١٦,٢١)کم، کە (١١,٢٦)٪ی سنوری نێوان سوریا و هەرێمی کوردستان پێك دەهێنێت، ئەمە لەکاتێکدایە (١,١٧)٪ کۆی گشتی سنوری نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان و تەنها (٠,٦٩)٪ی کۆی سنوری هەرێمی کوردستان پێك دەهێنێت. خشتەی (٣ - ١)

خشتەی (٣ - ١) سنوری نێودەوڵەتی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە بەراورد بە کۆی گشتی سنور و سنوری نێودەوڵەتی هەرێم

| سنور | درێژی/ کم | ڕێژە (%) |
|---|---|---|
| سنوری نێودەوڵەتی ناوچەی لێکۆڵینەوە | 16.21 | 100 |
| سنوری خۆرئاوای هەرێم | 144 | 11.26 |
| کۆی گشتی سنوری نێودەوڵەتی هەرێم | 1,390 | 1.17 |
| کۆی گشتی سنوری هەرێم | 2344 | 0.69 |

سەرچاوە/ کاری توێژەران بەبەکارهێنانی ArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بە نەخشەی (2-1) و (حمد، 2014. ل13)

ڕاستە زنجیرە چیای شەنگال لە سنوری هەرێمی کوردستان و نزیکە لەعێراق و سوریا، بەڵام شوێنە جوگرافییەکەی وایکردووە ستراتیژی سەربازی زنجیرە چیاکە بۆ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و تەنانەت بۆ گروپ و پارتی سیاسی و سەربازی هەرێمیەکانیش جێگەی بایەخی زۆرن، گرنترینیان دەخەینەڕوو:

٣-٢-١- ستراتیژی سەربازی زنجیرە چیای شەنگال بۆ عێراق: ناوچەی لێکۆڵینەوە گرنگیەکی زۆری هەبووە بۆ عێراق لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش، بەجۆرێك لە ڕابردوو حکومەتی بەعس قەزای شەنگالی بە (تەوەری ستراتیژی) داناوە، هەربۆیە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ کۆی قەزاکەی بەعەرەب هەژمار کردووە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم قەزایە بەر سیاسەتی ڕاگوستنی زۆرە ملێ کەوتوون لە ئۆردوگا زۆرە ملێکان کۆکراونەتەوە و زیاتر لە ١٥٦ گوند لە هەرسێ شارۆچەکەی ناوەندی شەنگال و باکور (شیمال) و قیرەوان، ڕاگوێزراون (مینە، ٢٠١٢، ل ٢٤٦ و ٢٨٣). هەروەها لەکاتی جەنگی کەنداو ساڵی ١٩٩١ عێراق چەند مووشەکێکی لەسەر زنجیرە چیای شەنگال لە ناوچەی جەل میرکە بەرزترین لوتکەی زنجیرە چیاکەیە ئاراستەی ئیسرائیل کرد(دوای ئەوەی هاوپەیمانی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ هێرشی کردە سەر هێزی ئاسمانی عێراق. لە بەرامبەردا سەدام یەکەمین ٨ مووشەکی سکودی خۆی ئاراستەی تەلئەبیب کرد و تا کۆتایی شەڕەکە لە ٢٥ی شوباتی ١٩٩١، ٣١ سکودی دیکەی واتا کۆی گشتی ٣٩ سکۆدی ئاراستەی ئیسرائیل دەکرد (Unpacked Staff, 2022)..

شارەزایانی سەربازی دەڵێن "هەڵبژاردنی چیای شنگال لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە، لەبەر هۆکاری جوگرافی پەیوەست بە شوێنەکەوە دێت، چونکە چیای شنگال بەرزترین شوێنی تەنیشت سنووری سوریا و ئوردنە کە هەردوکیان هاوسنوری ئیسرائیلن، هەرچەندە ڕایەکی تر هەیە، ئەویش بوونی کوردی ئێزیدی لەو ناوچەیە کە لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعس یەکێك بوون لە ستەملێکراوترین چین، لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل زیان بەو چینە دەکەوێت کە لەلای ڕژێم گرنگیەکی ئەو تۆی نەبوو، ئەوەبوو لە دوای کەوتنە خوارەوەی موشکەکان لە ئیسرائیل، هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بۆردوومانی ناوچەکەیان کردوو زیاتر لە ٥٠ کوردی ئێزیدی کوژران. (Unpacked Staff, ٢٠٢٢)

ئەمە لەکاتێکدایە ئێستا ناوچەی لێکۆڵینەوە ئێستا بە گۆڕەپانێکی نوێ بۆ حشدی شەعبی بەتایبەتیش ئەوانەی دڵسۆزن بۆ ئێران وەک هێزەکانی ڕێکخراوی بەدر بە سەرۆکایەتی هادی عامری و هێزەکانی عەسائیب ئەهلی حەق بە سەرۆکایەتی قەیس خەزعەلی، لە شەنگال و باکووری شنگال تەلعەفەردا دەگەڕێن بۆ دەستەبەرکردنی زیاتر لە ڕێڕەوێکی ستراتیژی و کردنەوەی زیاتر لە دەرچەیەک بۆ چوونە ناو قووڵایی خاکی سوریا بە بیانووی ڕاگرتن و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان. بەڵام ئەم هێزانە تۆمەتبارن بەوەی کە سپۆنسەری ئۆپراسیۆنە گەورەکانی قاچاخی دەکەن لە ڕێگەی شەنگالەوە بۆ سوریا، لەوانە قاچاخی چەک و تەقەمەنی و نەوت و مادەی هۆشبەرو مەڕو دراوی ساختە (أغوان،

٢٠١٩. ص٤). تائێستا ئەم هێز و گروپانە لەلایەن فرۆکەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان لەسەر سنوری خۆرئاوای هەرێم و سوریا چەندین جار کراونەتە ئامانج.

٣-٢-٢- ستراتیژی سەربازی زنجیرە چیای شەنگال بۆ ئێران: سەرەڕای ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە و ئێران دورترین مەوداییان هەیە کە (٨٦٥,٩٥)کم، خشتە (١٠) و نەخشەی (٧). بەڵام لە دوای ١٦ئۆکتۆبەرەوە ئێران یەکێکە لە کاریگەرترین هێزە هەرێمییەکان لە ناوچەکە، بەجۆرێك ئێران ڕێڕەوێکی دروستکردووە لە ڕێگەی عێراق و سوریا دەگات بە دەریای ناوەڕاست، کە بەشێکی گرنگی ڕێڕەوەکە ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، بەجۆرێك ڕێگاکە لە تارانەوە دەست پێدەکات، لە سنوری قەزای خانەقینی پارێزگای دیالە دێتە سنوری هەرێمی کوردستان وعێراق، ڕێگاکە بە بەعقوبەی ناوەندی پارێزگاکە تێدەپەڕێت، کە تەنها ٩٧ کم لە باکوری بەغداوە دوورە. دواتر بەرەو باکوور بەردەوام دەبێت لە ڕێگەی شەرگات و موصڵ، پاشان لە ڕێگەی ٤٧ی بازگانی شەنگالەوە بە خۆرئاوای ناوچەی لێکۆڵینەوە هاوتەریب لەگەڵ سنوری نێودەوڵەتی خۆرئاوای هەرێمی کوردستان درێژدەبێتەوە لە دەروازەی نێودەوڵەتی ڕەبیعەوە دەچێتە خاکی سوریا و لەڕێگەی (قامیشلو، کۆبانێ، ئیدلیب، حەمس و لازقییە) دەگاتە دەریای ناوەڕاست، هاوشان لەگەڵ ئەم ڕێگایە ڕێگای ئاوریشمی چین پێشنیارکراوە، نەخشەی (٦). ئەم ڕێڕەوانە بۆ ئێران گرنگە، چونکە پەیوەندییەکی وشکانی لەگەڵ عێراق، سوریا و لوبنان کە بەناوکی هیلالی شیعی(هیلالی شیعە یان هیلالی شیعیی: زاراوەیەکی سیاسییە شا عەبدوڵڵای دووەم پاشای ئوردن لە کاتی سەردانێکی بۆ ئەمریکا لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ بۆ یەکەمجار لە چاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ کریس ماتیوس بۆ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بەکاری هێناوە، تیایدا ترسی خۆی دەربڕی ووتی "ئەگەر عێراقێك بەسەرکردایەتی شیعەکان دروست بکرێت و پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ ئێران هەبێت، تۆ سەیری ئەو پەیوەندییەش بکەیت کە لەگەڵ سوریا و حزبوڵڵا و لوبنان هەیەتی، ئەوا ئێمە ئەم هیلالە نوێیەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆر ناسەقامگیرکەر دەبێت بۆ وڵاتانی کەنداو و هەموو ناوچەکە". (Abdullah II, ٢٠١١).) دادەنرێت دروست دەکات. لەهەمان کاتدا لەسنوری ئیسرائیل نزیك دەبێتەوە، کە هەمیشە ئەو وڵاتە ئێران بە نەیار و دوژمنی خۆی زانیوە، تائێستاش بەردەوامن لە ململانێی هەواڵگری و سەربازی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. هەروەها ئەم ناوچەیە وەك ئاماژەی بۆکرا چەندین گروپی نزیك لەئێران لەدوای ٢٠١٧ەوە لەوێ جێگیرگراون دروستکران و لەلایەن ئەو وڵاتەوە پاڵپشتی دەکرێن. بۆنمونە ئێران ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە دروستکردنی یەپەشە، کە لەلایەن مەزلوم شەنکاڵییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. ئەمەش بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی شەنگال بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانی ئێران، بۆ ڕێگریکردن لە پرسی گەڕانەوەی سوپای عێراق و پێشمەرگە بۆ شنگال (إلیاس، ٢٠٢٢). ئەمە سەرەڕای گروپە شیعییەکانی ناو حشدی شەعبی کە لایەنگرییان بۆ ئێران هەیە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

نەخشەی (٣ - ١) ڕۆیشتنی ڕێگای وشکانی بەستنەوەی تاران بە دەریای ناوەڕاست و ڕێگای ئاوریشم بەناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە:کاری توێژەران بەبەکارهێنانیArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بە (Burns, August 2017, p. 23) و (Ehret, 2021).

### ٣-٢-٣- ستراتیژی سەربازی زنجیرە چیای شەنگال بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK):

دوری نێوان قەندیل کە بە بنکەی سەرەکی پارتی کرێکارانی کوردستان دادەنرێت و ناوچەی لێکۆڵینەوە (٢٦١,٠٩)کم، خشتە (٣ - ٢) و نەخشەی (٣ - ٢). سەرەڕای ئەم دوورییە لەساڵی ٢٠١٤ هەندێک ئاماژە دەرکەوتن کە ئەندامانی پەکەکە لە زۆرێک لە ناوچەکانی عێراق دەستیان بە تەشەنەکردن کردوە، لەوانە ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی و چیای شنگال و قەزای شنگال لە پارێزگای نەینەوا (الدباغ، ٢٠١٩). هەروەها پەکەکە دوای ئەوەی هێزە عێراقیەکان و هێزەکانی پێشمەرگە لە ٢٠١٥ شەنگالیان جێهێشت و کەوتە دەستی داعش، توانیان کاریگەری ئەمنی و سیاسی و سەربازی خۆیان لە ناوچە و گوندە جیاوازەکانی قەزاکەدا بسەپێنێت، بەبەرگریکردن لە ئێزیدییەکان بەتایبەتی لە چیای شەنگال سۆزی ئەوانی زیاتر بەلای خۆیدا ڕاکێشا (أغوان، ٢٠١٩. ص٢-٣). زیادبوونی جوڵەکانی ئەم پارتە وای لە تورکیا کرد ترسی ئەوەی هەبێت دەقەری شنگال ببێتە بنکەیەکی دواوە بۆ پەکەکە، چونکە لە دیوی سنوری ڕۆژئاوا بەستراوەتەوە بەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سوریای دیموکرات دان، کە تورکیا بە بەشێك لە پەکەکە یان دەزانێت. ئەمەش هاوکارە بۆ ئەوەی پەکەکە لەم ڕێگەیەوە چەك و پێداویستییەکان بگەیەنێت بەقەندیل و بەپێچەوانەوەش(الدباغ، ٢٠١٩). هەروەها زنجیرە چیای شەنگال ناوچەیەکی تۆپۆگرافی ئاڵۆزە، پەکەکەش پێشینەیەکی زۆریان هەیە لە جەنگی پارتیزانی، بەتایبەتی لەناوچەی شاخاوی بۆیە ئەم ناوچەیە ژینگەیەکی سەربازی گونجاوە بۆ دروستکردنی هێز و ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان و مانەوەی ئەم هێزە، هەر بۆیە شارەزایانی ئەمنی و ستراتیژی پێیان وایە بوونی پەکەکە لە شنگال لە دەوری سێ ئاراستە دەسوڕێتەوە ئەوانیش بریتین لە (الدباغ، ٢٠١٩):

- حەشدی شەعبی (الحشد الشعبي) پەکەکە بە تیرۆریست نازانن.

- هەروەها هەڵوێستی حکومەتی هەرێم و عێراق هەرچەندە بوونی پەکەکە لە ناوچەکە بە نایاسایی دەزانن، بەڵام لەوکاتە بەگونجاو نازانن هێز لەدژی بەکاربهێنن. چونکە هەموو ئەم هێزانە دەترسن بچنە ناو شەڕێکی پارتیزانی لەگەڵ پەکەکە، کە دەتوانێت بۆ چەندین ساڵ درێژە بکێشێت.

- لەهەمووی گرنگتر یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال "یەبەشە" کە سەرەتا بە یەکینەکانی پاراستنی شنگال ناسرابوون، لە شنگال پاڵپشتی لە بوونی پەکەکە دەکەن، چونکە هەمان ئامانجیان هەیە کەپەکەکە داوای دەکات، بۆیە وەک لقێکی "پەکەکە" هەژماردەکرێت (إلياس، ٢٠٢٢).

٣-٢-٤- ستراتیژی سەربازی زنجیرە چیای شەنگال بۆ تورکیا: ئەنقەرە لە دوای تاران دورترین پایتەختە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کە دوریيەکەی (٨٣٣,٠٤)کم، بەڵام ئێستا تورکیا دەوێت لەم ناوچەیە بوونی هەبێت، هەربۆیە بنکەی سەربازی بەعشیقەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە دروستکردووە بە دوری (١٣١,١٦)کم، کەواتە ئێستا تورکیا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نزیکترین شوێنە بەبەراورد بە ئێران کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەم ناوچەیە بوونی هەیە. خشتە (٣ - ٢) و نەخشەی (٣ - ٢). تورکیا ترسی لەوە هەیە ئەم ناوچەیە بکەوێتە ژێردەستی پەکەکە و بۆ بردنی چەک بۆ چیای قەندیل بەکاربهێنرێت، هەروەها ناوچەکە هاوسنورە لەگەڵ ئەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی سوریای دیموکرات لە باکوری خۆرهەڵاتی سوریا، کە تورکیا بە بەشێك لە پارتی کرێکاران هەژماریان دەکات، کە ئەوانیش لەگەڵ تورکیا هاوسنورن. هەروەها گەیشتنی تورکیا بە شەنگال، واتا ڕێگرکردن لە جوڵە و فروانبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکە و هاتن بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە گەیشتنە بە پارێزگای نەینەوا و نزیك بوونەوە لە پارێزگای کەرکوك وگەیشتن بە نەوت و وزە وگەیشتنە بە دەروازەیەکی گرنگی نێودەوڵەتی وەك ڕەبیعە. ئەمە لەکاتێکدایە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە بەواتا دورخستنەوەی ئێران و دروستکردنی کێشە بۆ ئەو پرۆژە ئێرانیەی بە هیلالی شیعی ناسراوە.

ئامانجی تری ستراتیژی تورکیا دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامە بە قوڵایی ٥٠ کیلۆمەتر لە ناو خاکی عێراقدا، کە لە ناوچەی سنووری هەفتانینەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە کەمپی بەعشیقە لە دەشتی نەینەوا، درژبونەوەی بۆ سنوری سوریا، ئەمەش وا دەکات ناوچەی سەلامەت بۆ تورکیا و بەرژەوەندییەکانی لە شارەکانی شنگال، قەندیل، ئەلزاب، ئاڤاشین و باسیان دروست دەبێت (إلياس، ٢٠٢٢).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

خشتەی (٣ - ٢) شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی دوری لە پایتەختی هەرێمی کوردستان و عێراق وڵاتانی دەوروبەر و چیای قەندیل و بنکەی سەربازی بەعشیقەی تورکیا

| شوێن | دوری ئاسمانی/ کم |
|---|---|
| ناوچەی لێکۆڵینەوە - هەولێر | 192.52 |
| ناوچەی لێکۆڵینەوە - بەغداد | 410.48 |
| ناوچەی لێکۆڵینەوە - تاران | 865.95 |
| ناوچەی لێکۆڵینەوە - ئەنقەرە | 833.04 |
| ناوچەی لێکۆڵینەوە - دیمەشق | 596.41 |
| ناوچەی لێکۆڵینەوە - عەممان | 730.91 |
| ناوچەی لێکۆڵینەوە - (ئورشەلیم – قودس) | 793.50 |
| ناوچەی لێکۆڵینەوە - بەیروت | 639.85 |
| ناوچەی لێکۆڵینەوە - قەندیل | 261.09 |
| ناوچەی لێکۆڵینەوە - بنکەی سەربازی زێلکان-بەعشیقە (تورکیا) | 131.16 |

**نەخشەی (٣ - ٢) شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی دوری لە پایتەختی هەرێمی کوردستان و عێراق وڵاتانی دەوروبەر**




سەرچاوە/ کاری توێژەران بەبەکارهێنانی ArcMap 10.8.1 ، پشت بەست بە نەخشەی (3-2)

جگە لەوانەی ئاماژەی بۆکرا ناوچەی لێکۆڵینەوە گرنگیەکی ستراتیژی زۆری بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانان هەیە، لەبەر ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە هاوسنورە لەگەڵ باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا کە ئێستا ئەمریکا و هاوپەیمانان جێگیربوون تیایداو بە ناوچەی ژێر نفوسی خۆیانی دەزانن، ئەو ناوچەیە دەوڵەمەندترین شوێنی سوریایە لە ڕووی بەرهەمی نەوت، کە ڕاستەخۆ هەموو کێڵگە نەوتییەکان لەلایەن ئەمریکاوە دەپارێزرێن، ئەمە لەکاتێکدایە ئەمریکا بنکەی سەربازی لەهەرێمی کوردستان هەیە، کە دەتوانێت بەئاسانی ئاڵوگۆڕ بەهێزەکانی بکات لەم ڕێگەوە، هەروەها لە ئەگەری کۆنترۆڵکردنەوەی ئەوناوچانەی ئێستا لەژێر دەستی هێزەکانی سوریای دیموکراتی دان لەلایەن دەوڵەتی سوریاوە، ئەو گرنگیەی ئێستا ئەم ناوچەیە بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات هەیە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی سوریا، هەروەها ناوچەی لێکۆڵینەوە هۆکاری بەیەکەوە بەستنی ڕاستەوخۆی ئێران و گروپە ئێرانیەکانی ناوعێراق و حکومەتی بەشار ئەسەدە کە بەهۆکاری سەرەکی مانەوەی ئەو دادەنرێن لە دەسەڵات.

## ئەنجام

١ - شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی بایەخێکی ستراتیژی سەربازی گرنگ بووە، لە ڕابردوو و ئێستا و لە داهاتوو دا ئەم ستراتیژییە زیاتر دەبێت.

٢- گرنگی ستراتیژی سەربازی ناوچەی لێکۆڵینەوە، وای کردووە ئێران بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەو گروپانەی هاوسۆزییان بۆ ئێران هەیە لەناوچەکەدا هەژموونی خۆی زیاد و زاڵ بکات، ئەم ناوچەیە خاڵی بەیەکەوە بەستنی وڵاتانی عێراق و سوریایە کە ئێران دەگەیەنێتە لوبنان و دەریای ناوەڕاست.

٣- هاتنی ئێران بۆ ناوچەکە و بوونی پەکەکە و یەبەشە کە بەباڵێکی پەکەکە دادەنرێت وایکردووە، تورکیا سەرنجەکانی بخاتە سەر ناوچەکە و هەوڵی چاوتێبڕین و داگیرکردنی بدات.

٤- ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشێکە لەو ناوچانە کوردییانەی کەوتوونەتە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و بە ناوچەی جێناکۆك دادەنرێت، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٤ – ٢٠١٧) کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە، لەو ماوەیە سەرەڕای ئەوەی ناوچەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی داعش بەڵام دواتر کۆنترۆڵکرایەوە، لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی گروپە شیعییەکان و هێزەکانی یەپەشە.

٥- چیای شەنگال لەکاتی داگیرکاری داعش دا بووە پەناگە و پارێزەری هەزارەها لە کوردانی ئێزیدی، بەهەمان شێوە لە شەڕی ئازادکردنی شەنگالدا هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگە و هاوپەیمان و پەکەکە بوو بەسەر ئەم ڕێکخراوەدا.

## ڕاسپاردە

١- دەوڵەتی عێراق دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت و لەژێر هەژموونی میلیشیاکان دەریبهێنێت.

٢- حکومەتی هەرێم و ناوەند هەوڵی ئاسایکردنەوەی دۆخی شەنگال و ناوچەکانی دەوروبەری بدەن و ئاوارەکان بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و ناوچەکە ئاوەدانبکرێتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

١- الدويكات، ٢٠٠٢. الجغرافيا العسكرية، ط٢، جامعة مؤتة.

٢- الدويكات، قاسم، ١٩٩٤. أثر ظروف السطح الجغرافي على العمليات العسكرية في المناطق الجبلية، مجلة فرسان مؤتة، العدد ٧.

٣-تزو، صن، ٢٠٠٧. فن الحرب، شبايك، رءوف، دار أجيال للنشر والتوزيع، ط١، القاهرة.

٤-حمد، ڕێبین ڕۆستەم ڕەسوڵ ، ٢٠١٤. بایەخی جیۆپۆلەتیکی توخمە سروشتییەکانی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٦-صفوی، سید یەحیای صفوی ٢٠١١. بنەماکانی جوگرافیای سەربازی، و: محمدأمین، هاوڕێ یاسین، چ١، سلێمانی.

٧-ڕەئوف، محەمەد، ٢٠١٧، خاکی دابڕێنراو لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوە و ڕۆژنامەوانی و کلتور، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٨-مینە، ئەمین قادر، ٢٠١٢، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان : تەرحیل ، تەعریب ، تەبعیس، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

٩-شفيق، منير، ٢٠٠٨. الاستراتيجية و التكتيك في فن علم الحرب من السيف والدروع إلى الصاروخ و الأنفاق. الدار العربية للعلوم ناشرون. ط١. بيروت.

10-Piehler, G. Kurt. 2013. Encyclopedia of military science. A Sage reference publication. Printed in the United States of America. Los Angeles.

11-Kościuszko, Tadeusz and Kocoń, Paweł. 2017. Military science and management science – methodological connection in the context of culture of organization. V International Scientific Conference of the series SOCIETY AND WAR Europe behind the walls – „strangers" at the gates of Europe „SAW 2017". Faculty of security studies. Institute of National Security.

12-Woodward, Rachel. December 1, 2005. From Military Geography to militarism's geographies: disciplinary engagements with the geographies of militarism and military activities, Progress in Human Geography, Volume: 29 issue: 6, 2005 Edward Arnold (Publishers) Ltd, Newcastle.

13-Joint Publication 1-02, As Amended Through 15 August 2011. Department of Defense Dictionary of Military and Associated Terms.

14-Galgano, Francis, and J. Palka, Eugene, 2011. Modern military geography, 1st published, Routledge, New York.

15-SILLS, DAVID L. 1968. International Encyclopedia of the SOCIAL SCIENCES, VOLUME 15, CROWELL COLLIER AND MACMILLAN, INC.

16-Finney, Nathan K., 2020. On strategy: a primer, Combat Studies Institute Press, Fort Leavenworth, Kansas and an imprint of The Army University Press, LCC U162 (ebook), LC record available at https://lccn.loc.gov/2020020512.

17-Clausewitz, Carl von, 2007. On war, T. Michael Howard and Peter Paret, Oxford University Press Inc., New York.

18-Gyorgy, Andrew, November 1943. "The Geopolitics of War: Total War and Geostrategy", the Journal of

Politics, Volume 5.

19-Toft, Ivan Arregui´n, 2005: How the weak win wars: a theory of asymmetric conflict, Cambridge University Press, First published, New York.

20-B. H. Liddell Hart, 1991. Strategy: Second Revised Edition, A Meridian Book, New York.

21-Tung, Mao Tse, 1963. Selected Military Writings of Mao Tse Tung, Foreign Languages Press, 1st Edition, Peking.

22-Jomini, Baron DE., 1854. Summary of the Art of War, or a New Analytical Compend of the Principal Combinations of Strategy, of Grand Tactics and of Military Policy, T. Winship, Major. O. F., and Mclean, Lieut. E. E., G. P. PUTNAM & co., New York.

23-David Schultz, 2004. Encyclopedia of Public Administration and Public Policy, Facts on File, Inc., New York.

24-Kurian, George Thomas (editor in chief), The Encyclopedia of Political Science, CQ Press., Washington-DC, 2011.

25-Gilewitch, Daniel A., 2003. MILITARY GEOGRAPHY: THE INTERACTION OF DESERT GEOMORPHOLOGY AND MILITARY OPERATIONS, PhD thesis, ARIZONA STATE UNIVERSITY.

26-US Army, 1982, Operations FM (Field Manual) No.100-5, (3-1), 20 August, Washington, DC.

27-Johnson, Douglas Wilson, 1917. Topography and Strategy in the War, Henry Holt, New York.

28-Collins, John M., 1998. Military Geography for Professionals and the Public, National Defense University Press, Washington, DC.

29-Faringdon, Hugh, 1989. Strategic Geography NATO, the Warsaw Pact, and the Superpowers, 2nd Edition, Routledge, London and New York.

30-Abdullah II, ,. K., 2011. Our Last Best Chance: The Pursuit of Peace in a Time of Peril, New York: Viking Adult.

31-Burns, R., APR 2016. Battle for Sinjar, Iraq, Fort Leavenworth: TRADOC G-2 ACE Threats Integration.

32-Burns, R., August 2017. Threat Report: Iraq and Syria Update, Fort Leavenworth: Nickolas Zappone.

33-Sissakian, V. K., 2011. ALLUVIAL FANS OF SINJAR MOUNTAIN, NW IRAQ. Iraqi Bulletin of Geology and Mining, Vol. 7(No. 2), pp. Pages 9-26.

34-Coles, I., 2014. Reuters. [Online] Available at: https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-iraq-sinjar-idUSKBN0JZ0QO20141221 [Accessed 28 11 2022].

35-JOHNSON, R., 2014. THE WASHINGTON POST. [Online] Available at: https://www.washingtonpost.com/world/us-bombing-intensifies-to-save-civilians-trapped-on-the-mountain/2014/08/12/8a9bc9dc-2253-11e4-8593-da634b334390_graphic.html [Accessed 11 November 2022].

36-Unpacked Staff, 2022. unpacked. [Online] Available at: https://jewishunpacked.com/saddam-husseins-gulf-war-legacy-is-still-felt-in-israel/ [Accessed 22 11 2022].

37-Frantzman, Seth J. 2016. Red fire on the mountain: Saddam Hussein's secrets still haunt the landscape,

The Jerusalem Post, MAY 21, https://www.jpost.com/magazine/red-fire-on-the-mountain-452483 (8 Nov 2022).

38-National Geographic, 2022. The Peloponnesian War, The Peloponnesian War | National Geographic Society (Accessed: 25 July 2021).

39-Marouf, H., 2021. Atlantic Council. [Online] Available at: https://www.atlanticcouncil.org/blogs/menasource/the-sinjar-agreement-has-good-ideas-but-is-it-a-dead-end/ [Accessed 28 11 2022].

40-Ehret, M., 2021. The Cradle. [Online] Available at: https://thecradle.co/Article/Investigations/4371 [Accessed 30 11 2022].

٤١-الجزيرة، ٢٠١٨. هل تقترب تركيا من القضاء على حزب العمال الكردستاني؟، ٦ كانون الأول، مدينة سنجار العراقية وتدافعات الموقف الجيو أمني-الإقليمي (aljazeera.net)، (تم الوصول إليه في ٢٦ تشرين الثانى)

٤٢-الدباغ، ٢٠١٩. سنجار.. عقدة الملف الأمني الإقليمي في العراق، ٢ أيار، سنجار.. عقدة الملف الأمني الإقليمي في العراق | أخبار سياسة | الجزيرة نت (aljazeera.net) (تم الوصول إليه في ٢٦ تشرين الثانى)

٤٣-أغوان، علي، ٢٠١٩. مدينة سنجار العراقية وتدافعات الموقف الجيو أمني-إالقليمي، تقارير الجزيرة نت، ٣ ابريل/نيسان، مدينة سنجار العراقية وتدافعات الموقف الجيو أمني-الإقليمي (aljazeera.net) (تم الوصول إليه في ٢٦ تشرين الثانى)

٤٤-إلياس، فراس، ٢٠٢٢، تركيا وأسباب العودة إلى سنجار مرة أخرى، ٣ شابط ٢٠٢٢، تركيا وأسباب العودة إلى سنجار مرة أخرى | نون بوست (noonpost.com)، (تم الوصول إليه في ٢٦ تشرين الثانى)

٤٥-إلياس، فراس، ٢٠٢٢، عقدة سنجار: معضلة أمنية وتحديات استراتيجية يواجهها العراق، ٢٠ تشرين الاول ٢٠٢٢، عقدة سنجار: معضلة أمنية وتحديات استراتيجية يواجهها العراق | نون بوست (noonpost.com)، (تم الوصول إليه في ٢٦ تشرين الثانى)

٤٦-ArcGIS Pro 2.8.4

٤٧-ArcMap 10.8.1